پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تەمەنی چل ساڵیدا نێردرا، وسیانزە ساڵ لە مەککەدا مایەوە وەحی بۆ دادەبەزی، وپاشان فەرمانی پێکرا بە کۆچکردن (بۆ مەدینە لەوێدا) دە ساڵ ژیا، ولە تەمەنی شەست وسێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تەمەنی چل ساڵیدا نێردرا (بوو بە پێغەمبەر)، وسیانزە ساڵ لە مەککەدا مایەوە و وکەحی (سروشی) بۆ دادەبەزی، وپاشان فەرمانی پێکرا بە کۆچکردن (بۆ مەدینە لەوێدا) دە ساڵ ژیا، ولە تەمەنی شەست وسێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تەمەنی چل ساڵیدا وەحی بۆ دابەزی وبوو بە پێغەمبەر ونێردراوی خودا بۆ هەموو مرۆڤایەتی، وسیانزە ساڵ لە مەککەدا مایەوە و وەحی (سروشی) بۆ دادەبەزی، وپاشان فەرمانی پێکرا بە کۆچکردن بۆ مەدینە ودە ساڵ لە شاری مەدینە ژیا وبە هەمان شێوە وەحی هەر بۆ دادەبەزی، واتا بە درێژایی بیست وسێ ساڵی پێغەمبەرایەتی وەحی بۆ دادەبەزی، بەڵام لەم فەرموودەیەدا تەنها باسی مەککە کراوە مانای ئەوە نییە کە لە مەدینە وەحی بۆ دانەدەبەزی چونکە یەکدەنگی ئومەت لەسەر ئەوەیە کە قورئان وسونەت وەکو وەحی بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دادەبەزین لە مەککە ومەدینە بە درێژایی بیست وسێ ساڵی پێغەمبەرایەتی، وبەشێکی زۆری سورەتەکانی قورئانی پیرۆز لە مەککە دابەزیوە کە دەوروبەری 86 سورەتە وسورەتەکانی تر لە شاری مەدینە دابەزیووە، ولەوەیە ئەمیش هۆکاری ئەوە بێت باسی مەککە تایبەتکراوە لەم فەرموودەیەدا چونکە زۆرینەی سورەتەکان لە مەککە دابەزیوە، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە تەمەنی شەست وسێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10975